Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.196403

# دژواتا لە شیعری کوردیدا (دیوانی قانع) بە نموونە

**دیلمان قادر احمد، تریفە محەمەد فەرەج**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | October,2019 |
| Revised: | November,2019 |
| Accepted: | November,2019 |

**Keywords**

دژواتا، دژیەک، شیعر، قانع

**Corresponding Author**

dilman.qadir@garmian.edu.krd
trefa.mohamed@garmian.edu.krd

**پوختە:**

دژواتا یان (دژیەک) وەکو یەکێک لە هونەرەکان، کە زانستی ڕەوانبێژی بەگرنگییەوە لە جوانکردنی واتایی دەقدا ئاوڕی لێداوەتەوە، هەر بەو شێوەیەش شاعیرانی کورد بەگشتی و (قانع) بەتایبەتی بۆ بنیاتی وێنەی دەقەکانیان گرنگیان بەم هونەرە (دژواتا) داوە. ئەوەندەی ئەم توێژینەوەیە بۆی چووە و درکی پێکردووە، قانعیش وەکو شاعیرانی پێش خۆی و هاوچەرخی، لە گرنگی ئەم هونەرە گەیشتووە و لە زۆرێک لە دەقەکانیدا بەکاریهێناوە، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە شیعری کوردی هەتا قۆناغی شاعیر(قانع)یش هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بە دیاریکراویش (دژواتا)ی بە پێویستییەک بۆ بنیاتی دەق زانیوە. ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی دووبەشدا کاری بۆ شیکردنەوەی وێنەی هەندێک نموونەی شیعری (قانع) کردووە چەند جۆرێکی (دژواتا)ی دەستەبەر کردووە، کە زیاتر دژواتاکان لە دەوروبەری بابەتی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا دەسوڕێنەوە.

## پێشەکی:

دژواتا وەکو یەکێک لە دیاردە واتاییەکانی نێو زمان و هونەرێکی گرنگی بنیاتی وێنەی شیعریش، ڕۆڵ و گرنگی خۆی لە بنیاتی شیعری (قانع)دا هەبووە. بەشێوەیەک (قانع)ی شاعیر لەو ڕێگەیەوە گەلێک وێنەی جوان و سەرنجراکێشی لە بنیاتی دەقەکانیدا داناوە. کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای گریمانەیەک درووست بووە، کە پێی وایە شیعری قانع وەکو یەکێک لە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی بنیاتی شیعر، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەبەر ناوەرۆک و بە ئامانجی سادەنووسیی، خۆی لە هونەری دژواتا (دژیەک) بەدوورگرتبێت. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە بەرەو چارەسەر و وەڵامی ئەو گومان و گریمانەیە ئاراستەی خۆی وەردەگرێت.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی پەیوەندییە لە نێوان زمانی ئاخاوتنی ئاسایی و زمانی شیعریدا. هەروەها تێڕوانینێکی ڕەخنەییە بۆ دەقەکانی (قانع) بەشێوەیەک لە ڕێگەی شیکردنەوە و خستنەڕووی دەقەکانەوە، جۆری دژیەک و گرنگی و ڕۆڵی هونەری دژیەک لە بنیاتی زمانی و وێنەیی دەقەکاندا دەخاتەڕوو. بەشێوەیەک بتوانێت، کە بەرچاوڕوونییەکی زیاتر لەسەر دەقەکانی (قانع) دەستەبەر بکات.

## گرنگی توێژینەوەکە:

لە ڕێگەی خستنەڕووی تێڕوانینەکانەوە لەبارەی هونەری (دژیەک/دژواتا) لە زمان و ئەدەبدا، پاشان پاڵپشت بەو تێڕوانینانە، خواست و هەوڵی (قانع) لە گەڕانەوە بۆ (دژیەک) وەکو یەکێک لەو هونەرانەی کە زانستی ڕەوانبێژی خستوونیەتییە بەردەستی شاعیر، بەدەست دەهێنێت، چونکە لە تایبەتمەندی هەرە گرنگی توێژینەوەکە دەرخستنی پێگە و گرنگیی هونەری (دژیەک)ە لە لای شاعیر، بۆ بنیاتنانی وێنەی دەقەکانی و هەروەها دۆزینەوەی ڕایەڵەیەکی پەیوەندییە، کە زمان و ئەدەب پێکەوە دەبەستێتەوە. لەو ڕێگەیەشەوە توێژینەوەکە دەبێتە بەشێکی گرنگی گوتاری ڕەخنەیی لەسەر (قانع)ی شاعیر لە لایەکەوە و، ڕوانگەیەکی گرنگ لە بارەی هونەری (دژواتا/دژیەک) لە لایەکی ترەوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی بەکارهاتوو بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (میتۆدی وەسفی شیکاری).

## پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە لە دووبەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ زمانی ئاسایی و زمانی شیعری بەشێوەیەکی تیۆری باس لە گرنگی هونەری (دژیەک) و ڕادەی گۆڕانکاریی واتایی لە چوارچێوەی زمانی ئاسایی و زمانی شیعریدا کراوە. هەروەها چەمکی دژیەک خراوەتەڕوو. هەرچی بەشی دووەمیشە ئەوا پاڵپشت بە نموونەی دەقی شیعری (قانع) ئەو جۆرانەی (دژیەک/دژواتا) دیاریکراوە، کە گریمانەی ئەوەی بۆ کراوە، لە شیعرەکانی شاعیردا هەبن. لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە.

## بەشی یەکەم:

١. **دژیەک/دژواتا لە نێوان زمانی ئاسایی و زمانی شیعریدا:** دژیەک وەکو یەکێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتی وێنەی شیعری، یاخود دیاریکردنی سیما و چوارچێوەی گوتاری شیعریدا دەبینێت، چونکە ئەگەرچی لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە ڕۆڵی گرنگ لە جوانکاریی شیعردا دەگێڕێت، بەڵام لەو شوێنەدا زیاتر گرنگی خۆی بەدیار دەخات، کە کاریگەری و هێزی خۆی بە سەر واتای دەربڕینێک یاخود دەستەواژە و ڕستەیەکدا دەسەپێنێت؛ دواجاریش هاوشانی هونەرەکانی تری شیعر ئاراستەی گوتاری شیعری دیاری دەکات. کەواتە (دژیەک) پەیوەندییەکی گرنگ لەگەڵ (ئاستی واتاسازی) لە زماندا دەگرێت، چونکە ئەم ئاستەی زمان گرنگییەکی تەواو بە (واتا) دەدات و لە بارودۆخێکی ئاساییدا خۆی بە لێکدانەوەی واتای وشە و دەستەواژە و ڕستەکانەوە خەریک دەکات، پەیوەندی نێوان واتاکان ئاشکرا دەکات، بەم شێوەیە دەتوانرێت بوترێت، واتاسازی جۆرەکانی وشە دەخاتە پێش چاو، هەروەها لە ڕووی لۆجیکییەوە واتای نێوان ئەو کەرەستانەی زمان ئاشکرا دەکات، کە ڕۆڵ لە درووستکردنی واتادا دەگێڕن[١].

لە چوارچێوەی زانستی واتاسازیدا کار لەسەر دۆزینەوەی هێما بۆ هەر وشەیەکی زمان دەکرێت، چونکە پێویستە پەیوەندییەک لە نێوان وشەو هێماکەدا بدۆزرێتەوە و لەو ڕێگەیەشەوە واتای وشەکە ڕوون ببێتەوە و بۆ گوێگر یاخود خوێنەر ئاشکرابێت، کەواتە"مەرجی سەرەکی لەم لقەدا هەبوونی هێمایە، تا بتوانێت واتا هەڵبگرێت"[٢]، واتە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی کەرەستەیەک یاخود شتێک و دیاردەیەک لەدەرەوەی زمان، پەیوەندی و گرێدانی لەگەڵ کەرەستەیەکی زمانی دیاریکراودا، بەشێوەیەک کە واتایەکی دیار بدات بە دەستەوە، چونکە وەکو ئەوەی (د.موحەمەد مەحوی) دەڵێ:"بە بێ واتا شێوە و بیچمی هێمایە، هێما نییە، بەڵکو تەنها فۆرمێکی بۆشە"[٣] بەو شێوەیەش کە (ئەرەستۆ) ئاماژەی پێکردووە پێویستە جیاوازی لەنێوان سێ شتدا بکەین"شتێک لە دونیای دەرەوەدا، وێناکردن، دەنگەکان"[٤].

(دژیەک) ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە لە زەقکردنەوە و ئاشکراکردنی پەیوەندی واتا بە وشەکەیەوە لەلایەکەوە، هەروەها پەیوەندی واتای وشەیەک بە واتای وشەیەکی ترەوە لەلایەکی ترەوە. کەواتە، لە دەقێکی دیاریکراودا چ لە ڕووی ستونی و چ لە ڕووی ئاسۆییدا بێت، جۆرێک لە واتا بەرهەمدێت، کە شوێن و هاتنی کەرەستەکانی نێو زمانی دەق دیاری دەکەن. ئەو جۆرەی واتاش وەکو (د. دارا حەمید) دەڵێ:"بریتییە لە پەیوەندی و پێکەوەهاتنی کەرەستەکانی زمان بەشێوەیەکی ئاسایی یان بە ناچاری بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی واتای وشە و بەلوتکەگەیاندنی کردە قسەییەکان و ئەنجامدانی تەواو لەبارەی کردەی گەیاندن"[٥].

واتە لەم ڕێگەیەوە دروستی و نادروستی پێکەوەهاتنی کەرەستەکان و پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکرێن. واتە ئەو پەیوەندییانەی کە لە ڕێگەی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە دیاری دەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دانە فەرهەنگییەکانی زمان لەنێو خۆیاندا و بەیەکەوە لە پەیوەندیدان، لەگرنگترینی ئەو پەیوەندییانەش بریتین لە (هاوواتا، فرەواتا، هاوبێژی، دژواتا، هایپۆنیم).

بەڵام کاتێک باسەکە دەچێتە نێو چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە دەقێکی ئەدەبییەوە، ئەوا تووشی سەرسوورمان دەبین، دیارە ئەو سەرسووڕمانییەش بەهۆی یارییە واتاییەکانی نێو زمانی دەقێکی دیاریکراوەوە دەبێت، چونکە بەشێوەیەکی گشتی دەق ئەدەبی لە ڕێگەی تێکشکاندنی بیچمە واتاییەکانەوە، کە لە ڕێگەی کۆمەڵگەوە بڕیاریان لێ دراوە، یان بە پێی خواست و تێگەیشتنی کۆمەڵگە شکڵیان گرتووە؛ گوتاری خۆی ساز دەکات.

دژیەک ڕۆڵی گرنگ لە دیاریکردن و قوڵکردنەوە یاخود پێچەوانەکردنەوەی هەستەکانی شاعیردا دەگێڕێت، ئەو هەستانەی کە شاعیر لە ڕێگەی وێنە زۆر و جیاوازەکانی نێو دەقێکی دیاریکراوەوە بە کەرەستە زمانییەکان کێشاونی. واتە یەکێک لەو کەرەستە هونەرییانەی شاعیر بنیاتی هونەری دەقەکەی پێ دادەڕێژێت (وێنەی شیعری)ە؛ لە هەر قۆناغێکیشدا بێت شیعر پەیوەندییەکی نەپساوی لەگەڵ هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا هەبووە؛ (دژیەک)یش ئەگەرچی لەوانەیە هێندەی هونەرە ڕوونبێژییەکانی نێو زانستی ڕەوانبێژی بەشێوەیەکی کارا ئەو کاریگەرییە گەورەیەی لەسەر واتا و بنیاتی وێنە و کەرەستەی ئاسانی گوزارشتکردندا نەبێت، بەڵام شاراوە و کەمبایەخ نییە[٦].

بەشێوەیەکی گشتی شیعر لە ڕێگەی هێزی داهێنەرانەی شاعیرەوە دەتوانێت واتا و مەدلولە باوەکانی زمانی ئاسایی تێک بشکێنێت، چونکە"زمان بۆ شیعر دەبێت ببێت بە مەدلول و مانایەکی فراوان بدۆزێتەوە، ئەگەر مانای نوێ نەدۆزێتەوە و چەق ببەستێت، ئەوا ناتوانێت وێنەی نوێ بەرهەم بهێنێت"[٧].

واتە ئەگەرچی زمانی شیعریش بریتیە لە کەرەستەی باوی ڕۆژانە، بەڵام کاتێک ئەو کەرەستانە دێنە نێو بنیاتی دەقەوە ئەو کاتە بە سۆز و ئەندێشە و خەیاڵی شاعیرەوە بارگاوی دەبن، هەتا ئەو بارگاویبوونەش زیاتر بێت، ئەوا تێکشکاندنی مەدلولە ئاسایی و ئاشکراکان بەهێزتر دەکات. ئەو تێڕوانینەی (لەتیف هەڵمەت) مەبەستەکەمان باشتر ڕوون دەکاتەوە، کە تێیدا دەڵێ:"هەموو کەسێک دەتوانێت بڵێ باران دەبارێت، ئەمە ئاخاوتنێکی ئاساییە، بەڵام کە دەڵێین: هەورەکان دایانە تریقەی پێکەنین، و بەرپێی خۆیان گوڵڕێژ کرد ئەمە دەربڕینێکی شاعیرانەیە و وشە ئاوسکردنە بە ئەفسانە و ئیستاتیکا و وێنە و کودەتاکردنێکە بەسەر واتای باو و بەکارهێنانی باوی وشەدا"[٨].

شیعر، کەرەستە و مەدلولی جیاواز و دوور لەیەک، لە چوارچێوەی وێنەیەکدا کۆ دەکاتەوە، بەشێوەیەک لە چوارچێوەی دەقێکدا وێنەیەک ببێت بە چەقی دەق و لەوێوە بە بەجۆشترین سۆزی شاعیرانە بگەین، وەکو ئەوەی (لەتیف هەڵمەت) ئاماژەی پێ کردووە:"وێنەی هونەری بریتییە لەو پەیوەندییە دروستبووەی نێوان وشە و مانا لە دەقی ئەدەبیدا، کە بەرهەمی ئەنجامی یەکگرتنیانە و جیایە لەوان و بەردەوامی ئەوانە، بە تەنیا وشە نییە و خودی ماناش نییە، بەڵکو خاسیەتە هاوبەشەکانی نێوانیانە، کە کەسێتی دەق ئەدەبی دیاری دەکات جیای دەکاتەوە لە دەقی تر بەو سۆز و هەڵچوونانەی کە دەیگرێتە خۆی"[٩].

کەواتە لەگەڵ ئەوەی وێنەی شیعری سەرچاوەی گوزارشتی دەقە، هەروەها ئەگەرچی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەگشتی و لە نێوانیشیاندا (دژیەک) ڕۆڵیان لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا هەیە، بەڵام ئەوەش ناکاتە ئەوەی کە پێمان وابێت هەموو جارێک بە هاتن وکۆکردنەوەی دژیەکەکان لە چوارچێوەی دێڕێکی شیعری یاخود هەندێک جار لە تەواوی دەقێکیشدا مایەی واتای قوڵ و جوانیبەخش بن، بەڵکو هەندێک جار وا دەبێت شاعیر دوو دژیەکی لە دێڕەشیعرێکدا کۆکردۆتەوە بە بێ ئەوەی هەستێکی ئیستاتیکیمان لەلا درووست بکەن، ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە تایبەتمەندییەکی ئەو دەقانەن، کە پەیامدارییەکی ڕووت (زاستی، ئاینی، کۆمەڵایەتی...هتد)یان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، ئەم دیاردەیەش بە ڕوونی لەلای (قانع) هەستی پێ دەکرێت، ئەویش لەبەرئەوەی لەلای شاعیر زیاتر شیعر بریتی بووە لە پەیامداری و جێبەجێکردنی خواستی چینی هەژار و ڕەشوڕووتی کۆمەڵگە. ئەو چینەی پێویستی بەوەیە بە زمانێکی هونەری بەرز گوزارشت لە خواستەکانیان بکرێ.

لەم بارەیەوە (د.سەید ئەحمەد پارسا) دەڵێ:"تەنیا بوونی دوو وشەی دژیەک لە دێڕەشیعر یا ڕستەیەکدا لە باری ئەدەبییەوە بە جوانکاری ئەژمار ناکرێت، بەڵکو دەبێت جوانیشی تێدا بێت بۆ وێنە ئەگەر بگوترێت: ( کەروێشک گوێی درێژەو پشیلە گوێی قوڵەیە)، ئەمە دوو وشەی درێژ و کورتی تێدایە، بەڵام لە باری ئەدەبییەوە بە جوانکاری نایەنە ئەژمار"[١٠] کەواتە ئەگەرچی وشەکانی (درێژ و کورت) دژیەکی یەکترین، بەڵام هەستکردنمان بە جوانی ناجوڵێنن. بەڵکو تەنیا دوو وشەن کە بەشێوەیەکی زۆر سادە واتای یەکتریان پێچەوانەکردۆتەوە، ئەم دیاردەیەش لەلای (قانع) زۆر هەستی پێ دەکرێت:

کیتەڵە و گۆزە، گیزە و دەرخۆنە
هەمووی بۆ تۆ بێ لە تازە و کۆنە[١٢]

وشەکانی (تازە و کۆنە) ئەگەرچی دژیەکی یەکترن، بەڵام لە گێڕانەوەیەکی ڕووتی واقیع و گوزارشتێکی سارد و سڕی کەرەستەکانی ژینگەی کارەکتەر زیاتر نین و، ناتوانن مەدلولە واقیعی و ناسراوەکەی خۆیان تێک بشکێنن.

٢. **چەمک و پێناسەی دژیەک :** دژیەک لە زمانی ئینگلیزیدا (Antonym)، لە زمانی عەرەبیدا (الطباق، التضاد، التكافوء)، هەروەها لە زمانی فارسیشدا (تضاد)ی پێ دەگوترێت. بەشێوەیەکی گشتیش مەبەست لە (دژیەک): خستنەڕووی واتا دژ و پێچەوانەکانی دوو (دەستەواژە، دەربڕین، وشە، ڕستە) یاخود زیاترە. بەشێوەیەکی گشتیش لە زانستی واتاسازیدا بەو شێوەیە باسکراوە زاراوەیەکی واتاسازییە، لە شیکردنەوەی واتادا ئاماژە بەو وشە فەرهەنگیانە دەکات، کە لە واتادا دژی یەکن. یان ئەو وشانەی، کە نافەرهەنگین و لە ئەنجامی نەرێکردن دەبن بە دژەواتای یەکتر. بەشێوەیەکی گشتیش (دژیەک) بۆ خۆی"دیاردەیەکی واتاییە لە زماندا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە ڕوونکردنەوەی واتای وشەدا"[١١]، یاخود بە گوزارشتێکی تر"بریتییە لەوەی کە دوو وشە/یەکەی زمانی لە نیشانەی واتاییدا پێچەوانەی یەکتری بن"[١٢].

بەڵام (دژیەک) لە زانستی ڕەوانبێژیدا وەک یەکێک لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی تەماشا دەکرێت، واتە لەگەڵ هەڵگەڕانەوە و پێچەوانەکردنەوەی مەبەستی شیعری ئەرکێکی تریشی هەیە، کە ئەویش لایەنی ئیستاتیکی وێنە و دەقی شیعرییە. بەڵام دواجار پێناسەی زانایانی ڕەوانبێژی و توێژەرانی ئەو بوارە بۆ زاراوە و چەمکی (دژیەک)؛ لەگەڵ ئەو پێناسانەی زانایان و توێژەرانی زمان هەیانبووە، جیاوازیان نەبووە، چونکە هەردوولا جەختیان لە سەر پێچەوانەیی واتاکان کردۆتەوە.

لە ڕەخنەی جیهانیدا پێناسەی (دژیەک) کراوە بەوەی"بریتییە لە کۆکردنەوەی شت و بەرانبەرەکەی، یان دوو دژ لە ئاخاوتنێکدا"[١٣]. هەروەها (ئیبن ڕەشیق قەیرەوانی) پێی وایە دژیەک:"واتە کۆکردنەوەی دوو دژ لە چوارچێوەی دەربڕینێک یاخود بەیتێکدا"[١٤].

بە بۆچوونی (عەزیز گەردی)"دژیەک بریتییە لە هێنانی دوو وشەی مێمل و دژیەک، یا ڕووبەڕووکردنی دوو واتای پێچەوانە. جا ئەم دژیەک و پێچەوانەیە داوێک بێت لە تانوپۆی هۆنراوەدا یان قەفێک بێت لە زنجیرەی پەخشاندا"[١٥]. ئەگەر سەرنج لە وشەکانی (داوێک، قەفێک) بدەین، ئەوا بە باشی لەوە تێدەگەین، کە ئەگەرچی واتاکان وەکو چۆن لە زمانی ئاساییدا، ئاسایی و دیارن، هەر بەو شێوەیەش لە شیعردا بەو شێوەیەی کە دەبینرێن واتای کەرەستە زمانییەکانن.

زمانی دەق (شیعر و پەخشانی هونەری) ئاشکراو ڕوونە، بەڵام کاتێک ڕادەمێنین بۆمان دەردەکەوێت لە چوارچێوەیەکی هونەری جواندا و، بە پشتبەستن بە توانای داهێنەرانەی خۆی، شاعیر توانیویەتی واتا فەرهەنگییەکان تێک بشکێنیت یان هەر بەو واتایانەوە توانیویەتی لایەنی ئیستاتیکی وشە و دەستەواژەکان لە شوێنی بەکارهێنانیاندا بەرز بکاتەوە:

وەکو جێ پێ، بە بێ بان و دەرو دیوارە کاشانەم
کەلاوە کۆنی وێرانەم بە قەسری پادشا نادەم ل١٥١

(قانع) وشەکانی وەکو (کەلاوە کۆن × قەسر) وەکو پێچەوانە و دژی یەکتری بەکارهێناوە، بەڵام لە ڕێگەی پەیوەندی واتایی نێوان هەردوو وشەکەوە، لە چوارچێوەی بەیتەکەدا، وشەکان لە واتای فەرهەنگی خۆیان دەرچوون و واتایەکی تری بارگاوی بە فەلسەفە و بیرکردنەوەی شاعیر بەرانبەر بە (ژیان و دنیا) لەخۆیان دەگرن. (قانع) دەیەوێت بەهۆی ئە دوو وشەیەوە پێمان بڵێ: ژیانی هەژاری و کولەمەرگی خۆمم لە ژیان و سەرمەستی پاشایی پێ باشترە. نەک ئەوەی تەنیا گوزارشت لە (وێرانی)ی ماڵی قانع و (خۆشی و ئاوەدانی)ی قەسری پاشا بکەن. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی و بە پێی واتایان (عەزیز گەردی) دژیەکی (فەرهەنگی و نافەرهەنگی) *دیاری دەکات، پاشان دوو جۆری تری دیاریکردووە، کە ئەو بە (ئەرێنی و نەرێنی) ناوی بردوون[١٦].

هەرچی (د. سەید ئەحمەد پارسا)شە لەبارەی (دژیەک)ەوە دەڵێ:"هێنانی دوو وشەیە کە لە یەک جێگا و یەک زەماندا کۆنەبنەوە، وەکو شەو و ڕۆژ، کە ناکرێ بڵێین هەم ڕۆژە و هەم شەوە، چونکە کۆکردنەوەیان مەحاڵە، واتە قەت دەست نادا"[١٧]

بەم شێوەیە و ئەگەر تێبینی ئەو پێناسانەی سەرەوە بکەین، ئەوا سەرجەمیان جەخت لەسەر دژیەکی و پێچەوانەیی واتای دوو وشە، یان دوو ڕستە، یان دوو دەربڕین دەکەنەوە، کە لەبەرانبەر یەکتریدا دەوەستن. وێنەی شیعریش بۆخۆی باشترین کێڵگەی کۆکردنەوەی واتا دژیەک و پێچەوانەکانە. شاعیر بە ئاگاییەوە ئەو مەبەستە شیعرییەی کە هەیەتی لە ڕێگەی دژیەکە واتاییەکانەوە بە خوێنەرەکەی خۆی ڕادەگەیەنێت؛ وەکو ئەوەی (د. ناز ئەحمەد سەعید) دەڵێ:"شاعیر لە هێنان و کۆکردنەوەی شتێک و دژەکەی پێکەوە، گشتگیرییەکی واتایی جوان دروست دەکات و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، کە زۆرجار بەلای خوێنەرەوە ئەم پێکەوەهاتنە شتێکی چاوەڕواننەکراوە"[١٨]. یاخود بۆ خوێنەر شتێکی نامۆ و پێچەوانەیە، ئەمەش لە تایبەتمەندی ئەم

هونەرەیە، چونکە مادام لەسەر واتای جیاواز و پێچەوانەی دوو وشە کاردەکات، ئیتر با ئەو وشانە"لە فەرهەنگدا سەربەخۆییان هەبێ، یانیش دووەمیان نەرێنی یەکەم بێ، گرنگیش دوو وشەکان دوو ناو یان دوو فرمان، یان دوو ڕاناو، یان دوو چاوگ، یان دوو ئاوەڵناو یان دوو هەرچییەک بن، لەیەک جۆردا بن، یان لە دوو جۆری لێکجیادا بن."[19].

(قانع)ی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە بۆ بنیاتی وێنەکانی بەگشتی سودی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە وەرگرتووە. هەروەها گەلێک وێنەی بە پشتبەستن بە هونەری (دژیەک) بنیات ناوە. کاتێکیش لە شیعرەکانی ڕادەمێنین ئەوا بە پێی جۆری بنیاتی هونەری دەقەکانی و ئەو پەیامانەی کە هەڵگریانە، یان خوێنەر لێیان باردەکات، وێنەی جوان و هەمەجۆر هەیە، جا ئیتر ئەو دەستەواژەو دەربڕین و واتایانەی نێو زمانی ئاسایی وەکو خۆی وەرگرتبێت، یان وشە و دەستەواژەکانی نێو زمانی ئاسایی وەرگرتبێت و خۆی واتای تری لێ بار کردبێت.

بەشی دووەم: دژیەک لە شیعرەکانی (قانع)دا

بەشێوەیەکی گشتی چەندین جۆری دژیەک لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە ئەدەبی و زمانییەکاندا دەستنیشانکراون، لە دیارترینیان بریتین لە:

١. دژیەکی تەواوکەرانە: لەم جۆرەدا وشە دژەکان دوو جەمسەر دەگرن، بەڵام دابڕاو نین لە یەکتری، بەڵکو یەکتری تەواو دەکەن.[20]

بە میزانی عەدالەت بەش بەشی کەن
چ فەرقێکی ئەبێ سالارو گاوان ل٢٠٥

هەردوو وشەی (سالار و گاوان)، دوو وشەی دژبەیەکن. بەشێوەیەکی زۆر جوان شاعیر توانیویەتی لەرێگەیانەوە فەلسەفە و ڕوانینی خۆی بەرانبەر بە ناهاوسەنگی باری کۆمەڵایەتیی تاک، یاخود چینەکانی کۆمەڵگەکەی پیشان بدات. ئەم ڕوانینە بابەتیانەی شاعیر بەهۆی جۆری دژیەکی تەواوکارانەوەیە، کە هەردوو وشەکە دروستیان کردووە.

هەروەها شاعیر لە بەیتێکی تریدا دەڵێ:

کچ لە دووی کوڕ ناگەڕێ هەر کوڕ بە کچ حاشا ئەکا
ئەو کچە مەعسومە ناحەق سەرکزو ڕسوا ئەکا ل٦٧

(کچ ، کوڕ) لە جۆری دژیەکی تەواوکەرانەیە، واتە ڕەتکردنەوەی یەکێکیان دانانە بە ئەوی تریاندا.

٢. دژیەکی پلەدار: لێرەدا لە نێوان ئەو دوو وشەیەی، کە دەبنە دژیەکی یەکتری، مۆرفێمەکانی پلەی بەراورد و باڵا (تر، ترین) دادەنرێت، واتە نەرێکردنی وشەیەک واتای ئەرێی وشەکەی تر ناگەیەنێت، بەڵکو لە نێوان ئەو وشانەدا پلە هەیە"ئەم جۆرەیان بە پێچەوانەی موتڵەقە و جۆرە ڕێژەییەک لەنێوان وشەکاندا هەیە، تاکە وشەکانی جۆرێک لە وشەی بەراوردی یان پلەداری لەخۆدەگرن"[21]. ئەم جۆرەی دژیەک جۆرێکە لە دژیەکی ڕێژەیی، بە زۆری لەنێو ئەو وشانەدا هەن کە زیاتر بۆ وەسفکردن "ئاوەڵناو"[22]بەکاردێن.

چاو لە عیشقی چاوی مەستی، حەز لە هەر پەروین ئەکا
دەم بە یادی لێوی زەوقی تالی خۆی شیرین ئەکا ل٦٢

هەردوو وشەی (تاڵ و شیرین) دژیەکی پلەدار (ناتەواو) دروست دەکەن، چونکە دەتوانن ڕادە و مۆرفێمەکانی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد و باڵا وەربگرن.

هەروەها لە بەیتێکی تریدا دەڵێ:

دڵی کۆنەم خەیالی وایە دەردی تازە پەیدا کا
بە پشتی کۆمەوە ئەقڵی گوزەشتەی کۆن ڕیسوا کا ل٥٩

لێرەدا هەردوو وشەی (تازە، کۆن) دژیەکی یەکترین و لە جۆری دژیەکی (ناتەواو) یان (پلەدار)ن، چونکە مۆرفێمەکانی پلەی بەراورد و باڵا وەردەگرن. واتە دەتوانین بڵێین (زۆر تازە زۆر کۆن)، یان (تازەتر، کۆنتر).

٣. دژیەکی پێچەوانە: ئەو وشە و ڕستانەن، کە لەگەڵ وشەیەکی تر یان ڕستەیەکی تری زمانەکەدا واتای پێچەوانە دەگەیەنن. ئەم پەیوەندییەش بە بەراوردکردنی وشەی وەکو (کڕین) و (فرۆشتن)، (دان) و (وەرگرتن)، (ژنهێنان) و (شوکردن) دەردەکەوێت[23].

خوایا تۆ کە قازانجت نەدا پێم
بە ناحەق بۆ ئەبێ دایم زەرەر کەم ل١٦٠

وشەکانی (قازانج و زەرەر) دژیەکی یەکترین و لە جۆری (دژیەکی پێچەوانە)ن، چونکە کاتێک دەڵێین: قازانجمان کرد، واتە زەرەرمان نەکردووە. بە پێچەوانەشەوە کاتێک دەڵێین: زەرەرمانکرد، واتە قازانجمان نەکردووە.

٤. دژیەکی نەرێیی: *(هەروەها -نافەرهەنگی-شی پێ دەگوترێت)* لێرەدا ئەو وشانەی دەبنە دژیەکی یەکتری، بە یارمەتی ئامرازەکانی نەرێکردن دەبن بە نەرێ. دوو وشە دژبەیەک و پێچەوانەکە لە فەرهەنگی زماندا هەریەکەیان ڕیشە و بنجێکی ڕەسەن و سەربەخۆی نییە، بەڵکو هەردووکیان لە بنجدا هەر یەک ڕیشە و ڕەگیان هەیە[24].

لە خوانی ڕەحمەتی حەق جیرە خۆرن
هەزاران وەحشی و نادان و دانا ل٥٤

لەم بەیتەی سەرەوەدا شاعیر هەردوو وشەی (نادان و دانا)ی بەکارهێناوە، کە دژیەکی یەکترین و بە هەردووکیانیشەوە دژیەکی جۆری (نەرێیی)یان دروستکردووە. هەروەها دەڵێ:

پشت لە پیاو ئەکەی ناپیاو ئەدوێنی
دڵی چەند هەژار بێ هیچ ئەشکێنی ل١٠٦

لێرەشدا وشەکانی (پیاو، ناپیاو) دژیەکی نەرێنیان دروستکردووە.

**٥.** دژیەکی ئاراستەیی: ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە ڕوی ئاستەوە پێچەوانەی یەکترن، واتە یەکێکیان نزیک بوونەوەیە لە قسەکەر ئەوی تریان دورکەوتنەوە لێی[٢٥].

ئاوی لافاوی خەیالم، هێندە ســـاف و ڕۆشـــنە
ئاویاری خۆی ئەکا، بێ فەرقە لای هەورازو لێژ ل١٣٢

هەردوو وشەی (هەوراز، لێژ) دژیەکیان دروستکردووە و لە جۆری (ئاراستەیی)ن، چونکە بە دوو ئاراستەی پێچەوانەوە و دژی یەکتری دەڕۆن. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، کە هەردوو وشەکە واتای فەرهەنگیی خۆیان کە لە زمانی ئاساییدا هەیانە، لەدەست داوە، بەڵکو لێرەدا بەم شێوەیە: (هەوراز=گران)، (لێژ=ئاسان)، واتە شاعیر ئەوەندە توانای داهێنەرانەی فراوانە، دەتوانێت هەموو بابەتێک بە جوانترین شێوە بکات بە شیعر. شیعرێک کە جوانکاری و وردەکارییەکی وەستایانەی تێدا بێت، بە بێ ئەوەی تووشی ماندوبوونی بکات.

تەواوی ڕێــک ئەوەســـــتێ بەرز و نزمی
ئەوی کۆنەپەرســـــت بێ دێتە ئامان ل٢٠٥

هەروەها هەردوو وشەی (بەرز، نزم) لەو بەیتەی سەرەوەدا (دژیەکی ئاراستەیی) دروست دەکە.

جۆرەکانی دژیەک بەپێی شوێنی هاتنی بنەڕەتەکان:

١. دژیەکی بەرانبەری (سادە[٢٦]): لە بەیتێک یاخود دێڕە شیعرێکدا یەک دژیەک دێت. لەو وشە و دەربڕینانەدا درووست دەبێت کە واتاکانیان بەرانبەر یەکترین، دوو وشەن کە یەکتری تەواو دەکەن واتە نەرێکردنی یەکێکیان قبوڵکردنی ئەوی تریانە[٢٧]. هەروەها لە ڕستەدا هەریەکێک لە بنەڕەتەکان بەرانبەر بە بنەڕەتەکەی تریان دێت:

ئەی وەتەن پارە پەرستی بوو کە ئیمەی کرد بە پەن
ڕۆژهەلات و ڕۆژنشین تانەمان وا لێ ئەدەن ل٢٦٤

هەردوو وشەی (ڕۆژهەڵات، ڕۆژنشین) کە لەواتای فەرهەنگی خۆیان داماڵراون، واتە بۆ ئاماژەکردن بە شوێن نین، مەبەست لێیان (گەل و دەوڵەت)انی نزیك و دووری کوردە؛ دوو ئاراستەی سیاسی و بیرکردنەوەی پیچەوانەن، بەڵام هەردوو بنەڕەتەکە بە دوای یەکتریدا هاتوون، لەبەرئەوە دەتوانین بە دژیەکی بەرانبەری یاخود (سادە) ناوی بەرین.

هەروەها وا دەبێت لە بەیت یاخود دێڕە شیعرەکەدا یەک دژیەک هەیە، بەڵام هەر بنەڕەتێکیان لە نیوەیەکیاندایە:

گوڵ ئەگەر ئەقلی ببێ، قەت سـەر لە خاکا ناکاتە دەر
چونکە ڕۆژی دڕک و داڵەو گەرمی بازاری گیا ل٦٨

هەردوو وشەی (گوڵ، دڕک و داڵ) دژیەکی نێو بەیتەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی هەر بنەڕەتێکیان لە نیوەیەکی تری بەیتەکەدایە، ئەوا جۆری ئەو دژیەکەی کە پێکیانهێناوە، دەتوانین ناوی بنێین دژیەکی بەرانبەری بڵاو.

٢. دژیەکی ئاڵۆز: بە پێچەوانەی (دژیەکی بەرانبەری)، ئەم جۆرەیان زیاتر لە یەک دژیەک لە بەیتێک یان دێڕە شیعرێکدا دێت، ئەمیش دەبێت بە سێ جۆرەوە:

٢-١ دژیەکی ئاڵۆزی شوێنکەوتە: چەند دژیەکێک دێن، بەڵام بنەڕەتەکانی هەر دژیەکێک شوێنی خۆیان لە بەرانبەری یەکتری دەگرن، ئیتر ڕاستەوخۆ بە دوای یەکدا بێن، یاخود هەر بنەڕەتەی لە نیوە بەیتێک یان نیوە دێڕێکدا بێت:

مەعلومە لەلای ئەو کەســـــە وا ئەهلی حەیـا بێ
گەر پیرە وەگەر گەنجە، ئەگەر شاە و گەدا بێ ل٣٥


لێرەدا دوو دژیەک هەیە (پیر، گەنج) هەروەها (شاه ، گەدا)، بنەڕەتەکانیش لەجیگەی خۆیاندان و بەشوێن یەکترییەوەن، بەم شێوەیە جۆرەکەی بریتی دەبێت لە (دژیەکی ئاڵۆزی شوێنکەوتە)، واتە هەر بنەڕەتێک ڕاستەوخۆ دژەکەی بە دوای خۆیدا دێت. بەهامان شێوە لە وشەکانی (دنیا، دین) و (نەی، سیواک) دا (دژیەکی ئاڵۆزی شوێنکەوتە)یان دروستکردووە:

دروســـتی کـــــردووە داری لــــە بـــۆ ئەسبابی دنیاو دین
یەکێ نەی بۆ سەفاو بەزم و یەکێ بۆ وەرع و سیواکە ل٢٩٨

٢-٢ دژیەکی ئاڵۆزی بەرانبەری: لەم جۆرەدا لە بەیتێکدا، یاخود لە دێڕە شیعرێکدا زیاتر لە دژیەکێکی تێدایە، بەڵام بنەڕەتی یەکەمی دژیەکەکان لە نیوەی یەکەمدایە و، بنەڕەتەکانی دووەمیش (واتە بەرانبەرەکەی/دژەکەی) لەنیوەی دووەمدایە، بەڵام بەرانبەر بە یەکتری دەوەستنەوە:

کەوتە ســـــەر باری غەزەب، چەند پادشـــــای کرد بە هەتیو
هاتە سەر باری کەرەم، چەند هیچ و پووچی کرد بە شا ل٦٤

لەو بەیتەی سەرەوەدا وشەکانی (غەزەب، پادشا، هەتیو) لە نیوەی یەکەم و، وشەکانی (کەرەم، هیچ و پووچ، شا) لە نیوەی دووەمدا، دژیەکیان جۆری (ئاڵۆزی بەرانبەری) دروستکردووە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:



بەم شێوەیەو لە بەیتەکەدا ئەگەرچی (٣) سێ دژیەکی تێدایە، بەڵام بنەڕەتەکان بەرانبەر بە یەکتری دەوەستن و شوێنیان دیاریکراوە.

٢-٣ دژیەکی ئاڵۆزی تێکەڵ: لەم جۆرەیاندا شوێنی بنەڕەتەکان بەرانبەر یەکتری ناوەستن، بەڵکو یەکێک لە بنەڕەتەکانی دژیەکی یەکەم، شوێنی یەکێک لە بنەڕەتەکانی دژیەکی دووەم دەگرێتەوە:

دیواری مەحبەسم شەرق و جنوب و غەرب و شیمال


بەچی ئیبرا ئەبێ موجریم، خەتاباری منالّی بێ ل٣٠٤

وشەکانی (شەرق، جنوب، غەرب، شیمال) کە لە نیوەی یەکەمی بەیتەکەدا هاتوون، دژیەکی ئاڵۆزی تێکەڵیان دروستکردووە، چونکە بنەڕەتەکان کە یەکتری پێچەوانە دەکەنەوە شوێنکەوتەی یەکتری نین، واتە دەبوو بەم شێوەیە ڕیزبەندییان وەرگرتایە [(شەرق+غەرب) / (جنوب+شیمال)]، بەڵام ڕیزبەندییەکە تێکچووە و بووە بە [(شەرق+جنوب) / (غەرب+شیمال)]. بەم شێوەیە دژیەکی ئاڵۆزی تێکەڵ دروست بووە.

بە هەمان شێوە لەم بەیتەی خوارەوەدا، زیاتر لە دژیەکێک هاتووە، (نادان، دانا)، (نەقیزە، ئیشارەت)، بەڵام شوێنی ڕیزبوونی دژیەکەکان ڕیزبەندی وەرنەگرتووە، واتە سەرەتا بنەڕەتی یەکەمی دژیەکەکان هاتوون، دواتر بنەڕەتی دووەم، واتە (دژەکانیان) هاتوون:

تەعقیبی غەرەز ناکەم و دوژمن بە کەسی نیم

نادانە نەقیزەی ئەوێ، دانا بە ئیشارەت ل٨٢




واتە (نادان + دانا)، (نەقیزە، ئیشارەت) بوون بە دژیەکی یەکتری، بەڵام شوێنی بنەڕەتەکان تێکەڵ و ئاڵۆزن، بەم شێوەیە و چونکە زیاتر لە یەک دژیەکی تێدایە، ئەوا جۆرەکەی دژیەکی ئاڵۆزە، هەروەها لەبەرئەوەی شوێنی بنەڕەتەکان بەرامبەر یەکتری نین، کەواتە تێکەڵە. بەم شێوەیە وشەکانی (نادان+نەقیزە) / (دانا+ئیشارەت) لە جۆری (دژیەکی ئاڵۆزی تێکەڵ)ی لە نێو ئەو بەیتەدا دروستکردووە.

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی (قانع) بۆ خستنەڕووی بابەتە شیعرییەکانی پشتی بە (هونەری دژیەک) بەستووە، زیاتری ئەو بابەتانەش بابەتی کۆمەڵایەتین و ئاوێنەی کێشە و ژانەکانی چینی چەوساوەی نێو کۆمەڵن، شاعیر لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی مەبەستەکەی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، بەڵام بە بنیاتێکی هونەری بەرزەوە بخاتەڕوو.

## ئەنجام:

گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە ئەمانەن:

١. هونەری دژیەک لە بنیاتی وێنەی دەقەکانی (قانع) دا پێگە و گرنگی خۆی هەبووە، بەشێوەیەک کە یارمەتی شاعیری داوە بۆ ئەوەی مەبەستە پێچەوانەکانی یەکتری بە جوانی بخاتەڕوو.

٢. دژیەک گەلێک واتای نوێی بە دانەفەرهەنگییەکانی زمانی دەقەکانی (قانع) داوە و وایکردووە ناسنامەیەکی ئەدەبی بە زمانی دەقەکانی ببەخشێت.

٣. ئەگەرچی (قانع) بەگرنگییەوە بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووانیوە و کێشەکانی کۆمەڵگەی خستوونەتەڕوو، بەڵام ئەوە نەبۆتە هۆی ئەوەی زمانی دەقەکانی ناسنامەی شیعرییەتی خۆیان لەدەست بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش (دژیەک) لەپاڵ هونەرەکانی تری نێو زانستی ڕەوانبێژی ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەبووە.

---

[1]- بڕوانە :واتاسازی، دارا حەمید، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل١٤.

[2]- واتا و وەرگێران، پەروین عوسمان مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٩، ل١٣٦.

[3]- زانستی هێما واتا و واتالێکدانەوە (بەرگی دوو) ، محەمەد مەحوی، ، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ل٢٢.

[4]- **English as a Global Language, David Crystal, second edition, 1997, P:410.**

[5]- واتاسازی، دارا حەمید، ل٦٥.

[6]- بڕوانە: بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٦٥.

[7]- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، هاوژین سڵێوە عیسا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤٤.

[8] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٥. ئەویش وەریگرتووە لە تەوەرێک بۆ ئەو دیو ڕەهەندەکانی وشە، ئا: باوکی میرۆژ، گۆ/اری (کۆسار)، ژمارە(٢-٣)، ٢٠٠٢، ل١٧٨.

[9]- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، ل٦٢.

[10]- جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوازێکی نوێ، دوکتۆر سەید ئەحمەد پارسا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیشراق،١٣٩٧، ل٦٥.

[11]- دروستەی ڕستەی مەرج لە زمانی کوردیدا و لێکدانەوەیەکی واتایی، تریفە محەمەد فەرەج، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان، ٢٠١٦، ل١١٢.

[12]- پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، فەرهاد تۆفیق حەسەن، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٨.

[13]- بڕوانە: لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، د.ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٩٣.

[14]- العمده فى محاسن الشعر و ادابه و نقده،أبي على حسن بن رشيق، القيرواني، مجلد ٢، محمد مجي الدين عبدالحميد، جزء الاول، ط٥، دارالجيل للنشر والتوزيع والطباعة، بيروت،١٩٨١، ص٥.

[15]- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، عەزیز گەردی، بەرگی دووەم (جوانکاری)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٤، ل٦٨.

* جیا لەو جۆرانەشی کە باسیان دەکەین، دوو جۆری تری دژیەک هەن (فەرهەنگی و نافەرهەنگی) دژیەکی فەرهەنگی: مەبەست لە دژواتای فەرهەنگی هەمو ئەو وشە فەرهەنگیانە دەگرێتەوە کە دەلالەت دەکەنە سەر دو واتای دژبەیەك بەمشێوەیە باسکردنی دژواتاکان دەبنە لقێك لە باسکردنی هاوبەشی بۆ نموونە وشەی جون لە زمانی عەرەبیدا بۆ هەردو ڕەنگی

ڕەش و سپی بەکاردێت.هەروەها وشەی قانع لە زمانی عەرەبیدا بە دو واتای دژ بەکاردێت مەبەست سوالکەر دوەم بۆ کەسێ بە بەشی خۆی ڕازی بێت.(بڕوانە نەریمان خۆشناو , ٢٠١٠ : ٨٦)لە زمانی کوردیدا وشەی لەمجۆرە دەبینرێت بەڵام بەراورد بە زمانی عەرەبی کەمتر ئەم جۆرە وشانە دەبینرێت بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی ڕواندن کە بەواتای چاندن , لابردن /وەدەرنان دێت. واتاسازی، دارا حمید محمد، ل١٠٧. هەرچی دژیەکی نافەرهەنگیشە دوو وشە دژ بەیەك و پێچەوانەکە لە فەرهەنگی زماندا هەریەکەیان ڕیشە و بنچێکی ڕەسەن و سەربەخۆی نیە بەڵکو هەردوکیان هەر یەك ڕیشە و ڕەگیان هەیە. دژواتا و فرەواتا لە شیعری گۆراندا، مسعود بکر احمد, ل٤٧.

[١٦]- بڕوانە: ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، عەزیز گەردی، بەرگی دووەم، ل٦٩-٧١.

[١٧]- جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوازێکی نوێ، دوکتۆر سەید ئەحمەد پارسا، ل٦٥.

[١٨]- دەنگی مستەفابەگی کوردی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، د.ناز ئەحمەد سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١١٩-١٢٠.

[١٩]- زمانەوانی، محەمەد مەعروف فەتاح، چاپخانەی زانکۆ، سەڵاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠، ل١٦٥.

[٢٠]-واتا و دەوروبەر، سازان ڕەزا معین، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠٠٥، ل٢٥.

[٢١]- واتاسازی، دارا حەمید محەمەد، ل١٠٨.

[٢٢]- زانستی هێما واتا و واتالێکدانەوە (بەرگی دوو)، محەمەد مەحوی، ل٧٠.

[٢٣]-زمانەوانی بەرگی (٣،٢،١)، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، ٢٠١٠،ل٢١٣.

[٢٤]- دژواتاو فرەواتا لە شیعرەکانی (گۆران)دا، مەسعود بەکر ئەحمەد، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠١٥، ل٤٧.

[٢٥]- پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفێمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، شادان حمەئەمین محەمەد، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦. ل٢٦.

[٢٦]- بڕوانە: لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، د.ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، ل٢٩٨. هەروەها بڕوانە: دەنگی مستەفابەگی کوردی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، د.ناز ئەحمەد سەعید، ل١٢٢.

[٢٧]- دروستەی ڕستەی مەرج لە زمانی کوردیدا و لێکدانەوەیەکی واتایی، تریفە محەمەد فەرەج، ل١١٢.

## لیستی سەرچاوەکان:


١. بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، هاوژین سڵێوە عیسا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢. بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٣. جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوازێکی نوێ، دوکتۆر سەید ئەحمەد پارسا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیشراق،١٣٩٧.

٤. دیوانی قانع، کۆکردنەوەی: بورهان قانع، چاپی شەشەم، چاپخانەی داڵاهو، سنە، ١٣٩٠.

٥. دەنگی مستەفابەگی کوردی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، د. ناز ئەحمەد سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٧.

٦. ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، عەزیز گەردی، بەرگی دووەم (جوانکاری)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٤.

٧. زانستی هێما واتاو واتالێکدانەوە (بەرگی دوو) ، محەمەد مەحوی، ، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

٨. زمانەوانی، بەرگی (٣،٢،١)، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠.

٩. زمانەوانی، محەمەد مەعروف فەتاح، چاپخانەی زانکۆ، سەڵاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠.

١٠. لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، د.ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

١١. واتاسازی، دارا حەمید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٢. واتاو وەرگێران، پەروین عوسمان مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٩.

١٣. تەوەرێک بۆ ئەو دیو ڕەهەندەکانی وشە، ئامادەکردنی: باوکی میرۆژ، گۆڤاری (کۆسار)، ژمارە(٢-٣)، ٢٠٠٢.

١٤. پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، فەرهاد تۆفیق حەسەن، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠.

١٥. پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفێمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، شادان حمەئەمین محەمەد، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٦.

١٦. دروستەی ڕستەی مەرج لە زمانی کوردیدا و لێکدانەوەیەکی واتایی، تریفە محەمەد فەرەج، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان، ٢٠١٦.

١٧. دژواتاو فرەواتا لە شیعرەکانی (گۆران)دا، مەسعود بەکر ئەحمەد، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠١٥.

١٨. واتا و دەوروبەر، سازان ڕەزا معین، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠٠٥.

١٩. العمده فی محاسن الشعر و ادابه و نقده،أبي على حسن بن رشيق، القيرواني، مجلد ٢، محمد محي الدين عبدالحميد، جزء الاول، ط٥، دارالجيل للنشر والتوزيع والطباعة، بيروت،١٩٨١.

20. **English as a Global Language, David Crystal, second edition, 1997**.